# شەش ئاساییترین- نەخۆشیی منداڵان

د. کارل ج براندت. و: سیروان کاروانی

### مێکوتە /دڕکە Vattkoppor

- نیشانە: خوران، تۆقڵەی سوور لە هەموو لەشدا.
- مامەڵەلەگەڵداکردن: خۆشووشـتن دەبێتە هـۆی کەمکردنەوەی خـوران، بـەڵام دەبێ خۆ دووربخرێتەوە لە خۆشووشتنی ناو بانیۆ لەبەر ئەوەی لەو ڕێگایەوە نەخۆشییەکە دەگوێزرێتەوە.
- مەترسیی تەشـەنەکردنی نەخۆشییەکە: پێش ئەوەی نەخۆشییەکە بەدەرکەوێ، تەشەنە دەکات و بەردەوامیش دەبێت هەتا دواتۆقڵەیان وشـک دەکات و قەتماغەکان بەردەبنەوە. منداڵەکە دەبێ لە ماڵەوە بمێنێتەوە هەتا هەموو قەتماغەکان بەردەبنەوە و برینەکان زیاتر تەڕ نابن. . ماوەی مانەوەی میکرۆبەکە Inkubationstiden هەتا دوو هەفتەیە.

### کۆکە ڕەشە Kikhosta

- نیشـانە: هێرشـی درێـژخایەنی کۆکەی دەبێ، کە دەبێتە هۆی هەناسەدانی چرپـڕ. لەوانەیە ببێتە هۆی ڕشانەوەش. هێرشی کۆکەکان بەزۆری لە کاتی شەوانەدا دێت.
- مامەڵەلەگەڵـداکردن: هـەوای پـاک گـرنگە و، خـواردنی کـەم و زووزوو باشـترە لە خواردنی زۆر و لەسەریەک لەبەر مەترسیی ڕشانەوە.
- مەترسـیی تەشـەنەکردنی نەخۆشـییەکە: لـە هەفـتەی یەکەمـدا نەخۆشـییەکە بەتایـبەت تەشەنە دەکات، کاتێک نەخۆشەکە هێشـتا هەڵامەتـیەتی. لـە مـاوەی 5 – 7 هەفـتەی داهاتـوودا کەم دەکات. مرۆڤ دەبێ هەموو پەیوەندییەک لەگەڵ منداڵی لەژێر 1 ساڵەوە ببڕێ. ماوەی مانەوەی میکرۆبەکە 10 – 14 ڕۆژە.

### سوورێژەی ئەڵمانی Röda hund

- نیشـانە: پەڵـەی سـوور لەسـەر ڕوومەتـەکان، کـە بـەزۆری پـێکەوە دەتوێنەوە. لەوانەیـە لـە ڕوومەتەکان، لووت، قۆڵەکان، ڕانـەکان و پاشـەڵدا پەیدابـێت. لەوانەیـە تـا 2 هەفتە بخایەنێت و، بەدەگمەن "تا"ی لێ پەیدا دەبێت. بەتایبەت تووشی ئەو منداڵانە دەبێت، کە لە نێوان 4 هەتا 12 ساڵانن.
- مامەڵەلەگەڵداکردن: هیچ؛ ئەم نەخۆشییە بۆ خۆی بزر دەبێت.
- مەترسـیی تەشـەنەکردنی نەخۆشـییەکە: ژنـانی دووگیان، دەبـێ خـۆیان دووربخەنـەوە لـە پەیـوەندی لەگەڵ ئەو منداڵانەی سـوورێژەیان هەیـە لەبـەر ئـەوەی نەخۆشـییەکە، لەوانەیـە بـەبێ ویسـت ببێـتە هـۆی لەبەرچـوونی منداڵـەکە. پەیوەندی بە پزیشکەوە بکە ئەگەر دووگیانیت و منداڵەکەت تووشی سوورێژەی ئەڵمانی بووە. ماوەی مانەوەی میکرۆبەکە دوو هەفتەیە.

### "تا"ی 3–ڕۆژە 3-dagarsfeber

- نیشـانە: "تـا"ی بـەرز بۆ ماوەی 3 ڕۆژ و لە دوای ئەوەش کاتێک "تا"یەکە بزدەبێ، نیشانەی سووری ڕووناک لەهەموو لەشدا پەیدا دەبێت.
- مامەڵەلەگەڵـداکردن: جل لەبەر منداڵەکە بکەوە بە شێوەیەک زۆر گەرم نەبێت و، لەبیرت بێ زۆر شلەی بدەرێ بخواتەوە، بە جۆرێک کە شلەی کەم نەبێت و وشکی لە لەشیدا پەیدا نەبێت و لەوانەشە پێویست بکات لە نەخۆشخانە بخەوێت.
- مەترسـیی تەشـەنەکردنی نەخۆشـییەکە: هەمـوو مـاوەی نەخۆشییەکە و 2 – 3 ڕۆژی پاش ئەوە. لەو ماوەیەدا، پەیوەندی دوور بگرە لەگەڵ منداڵانی تری لەژێر 3 ساڵانەوە. ماوەی میکرۆبی نەخۆشییەکە 10 – 15 ڕۆژە.

### نەخۆشیی دەست - پێ - دەم Hand - fot - mun - sjukdom

- نیشـانە: چەنـدین تۆقڵـەی بچـووک بـە تایـبەت لـە دەم، پێـیەکان و دەسـتەکاندا. لەوانەیـە بـۆ مـاوەی چەنـد ڕۆژێک "تا"ی سنوورداری ببێت.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

www.kurdistannet.org
20/07/2003 01:48

- مامەڵەلەگەڵداکردن: وەکوو هەموو نەخۆشییەکی "تا"ی تر، گرنگە منداڵەکە زۆر شلە بخواتەوە. لەوانەیە شتێکی بەکەڵکیش بێت خواردن بۆ منداڵەکە ورد بکرێت، بە شێوەیەک کە بۆ منداڵەکە خواردنی ئاسانتر بێت، کاتێک منداڵەکە بە هۆی تۆقڵەکانەوە دەمی دێشێت.
- مەترسیی تەشەنەکردنی نەخۆشییەکە: نەخۆشییەکە تەشەنە دەکات هەتا کاتێک تۆقڵە لە شوێنەکاندا بمێنێت. ماوەی میکرۆبی نەخۆشییەکە 2 – 3 ڕۆژە.

### سوورەتا Scharlakansfeber

- نیشانە: "تا"ی سنووردار تا بەرز، ئازاری قورگ و نیشانە کە بەزۆری لە ژێرباڵ یاخود ژێرڕان–دا پەیدا دەبێت. لەوانەیە جاروبار، پێستەکە تفر فڕێ بدات و ئەوە دێتەپێش، کە منداڵەکە زوبانی زبر بێت و تۆقڵەی سووری ڕووناکی لەسەر پەیدابێت.
- مامەڵەلەگەڵداکردن: پزیشک، بەزۆری دەرمانی بەکتریاکوژ antibiotika دەنووسێت. گرنگە مرۆڤ چاوەدێریی منداڵەکە لە ماڵەوە بکات و نەیەڵێ تێکەڵی منداڵی تر ببێت.
- مەترسیی تەشەنەکردنی نەخۆشییەکە: لە ڕۆژەکانی سەرەتادایە، بەڵام لە پاش سێ ڕۆژی مامەڵەلەگەڵداکردن بە دەرمانی دژەبەکتریا، مەترسیی تەشەنەکردنی نەخۆشییەکە بە شێوەیەکی گەورە بزر دەبێت. ماوەی مانەوەی میکرۆبەکە 3 – 8 ڕۆژە.

پێداچوونەوەی: د. ئاندێرس بێری، سەرۆکی پزیشکان، پسپۆڕ لە دەرمانی منداڵان و زانستی لەمەڕ حەساسییەت.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org